# لەبەردەم دوڕێیانی "مافی نەتەوەی کورد" و "مافی هاوڵاتیی کورد"دا

**- قسەیەک لەسەر هەوڵی کۆمەڵێک لە ڕۆشنبیرانی کورد بۆ ستانداریزەکردنی شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست -**



سیروان عەبدول

**– بەشی دووەم –**

## دیفاکتۆکان و مافە مەدەنییەکان

ئەگەر ئەوە دیفاکتۆیەکە کە کرمانجیی ناوەڕاست، لەبەر هەر هۆیەک بێت، دۆمینانسێک و بەکارهێنانێکی بەرفراوانی هەیە لە کوردستاندا، لەبەرامبەر ئەوەشدا ئەوە دیفاکتۆیەکە کە کرمانجیی ژوروو و کرمانجیی ناوەڕاست، لەبەر هەر هۆیەک بێت، بە ئەندازەیەک دوورکەوتوونەتەوە لەیەکتر کە لە زۆر شوێن دوورکەوتنەوەیەکی زۆر لەوە کەمتر مامەڵەی دوو زمانی جیاوازی لەگەڵ دەکرێت و زمانەکان بوونەتە زمانی دوو میللەتی جیا.

دیارە کەسانێک کە زیاتر و، زۆرجاریش تەنها، هاوئەتنیکییەتی تاکەکانیان بەلاوە گرنگ و مەرکەزییە نەک مافەکانی تاکەکان، ئەوە جیابوونەوەکەی ئەو میللەتانەیان بەلاوە کارەسات و لێقەومانە، نەک ئەو هۆکارەی کە دەبێتە هۆی ئەو جیابوونەوەیە. بۆ من دووبەرەبیوونەوەی میللەتان، هەر لە دوژمانکارانەترینیانەوە کە نموونەیەکی دەکرێت هیند و پاکستان بێت، تا دۆستانەترینیان کە نموونەیەکی دەکرێت دانمارک و نەرویج بێت، زەمینەی واقیعیی خۆی هەیە و هەڵنەکردن وماڵجیاکردنەوەی میللەتەکان هۆکاری مەفهومی خۆیان هەیە کە لە هاوئەتنیکییەت گرنگترن. یەکێک لە هۆکارە واقیعییەکان دابینەبوونی مافە مەدەنییەکانی تاکەکانی ناو گروپێکی کۆمەڵایەتییە لەناو ماڵی هاوبەشدا کە ناچاری دەکات ماڵ جیا بکاتەوە. لێرەوەیە من بە کارێکی خەتەرناکی دەزانم بۆ ئینسیجام و هارمۆنیای ناوەکیی کۆمەڵگای کوردستان گەر بمانەوێت نکۆڵیی لەو مافانە بکەین کە گروپە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگای کوردیی لەئاکامی جیاوازیی شێوەزارەکانی زمانی کوردیی، دەیانکەوێت. ئەمە دەڵێم چونکە حەتمەن بەلای منیشەوە نزیکایەتیی و

هاوژینیی گروپە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا ئامانجێکی گەورەیە، بەڵام وەنەبێت ئامانجێک بێت کە بەهەر قیمەتێک بێت ئامادە بم بیکرم. بۆ من یەکێک لەو قیمەتانەی کە قەت ئامادە نیم لەبەرامبەر "پاراستنی یەکێتیی ڕیزەکانی نەتەوە"دا بیدەم مافە مەدەنییەکانی تاکەکانی ناو ئەو نەتەوەیەیە.

یارییەک کە شۆڕشگێڕە ناشیونالستەکان هەردەم لێرە و لەوێ و کەم و زۆر (بەپێی ئاستی هوشیاریی و ناهوشیاریی خەڵکەکە) بەسەر تاکەکەنی نەتەوەدا تێیدەپەڕێنن ئەوەیە کە هەمیشە بەناوی بەرژەوەندیی نەتەوە و یەکریزکردنی لەبەرامبەر دوژمنی دەرەکیدا، تەکلیفیان بەسەر فیئە جیاوازەکانەوەیە کە لە هەندێ مافی خۆیان ببوورن، یان بەلای کەمەوە داواکردنی دوابخەن. من پێموایە بەو ئەندازەیەی کە خەڵکێک پێی ئیستیعاب دەکرێت لە مافە مەدەنییەکانی خۆی ببورێت و بیکات بەقوربانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی، بەو ئەندازەیە بازنەی ستەم لەو کۆمەڵگایەدا بەرفراوان و بەرفراوانتر دەبێتەوە؛ تا ڕۆژێک دێت و دەبینیت کە تۆ هەر هەمان بێمافیی و ئیهانە و ستەمت لێ دەکرێت، تەنها ئەوە نەبێت کە ئەمجارەیان ئەو باشییەی هەیە کە پراکتیککردنی ستەمەکە بە زمانێکە لێی تێدەگەیت.

دوای ئەم یارییەی ناشیونالستەکان – هەیە ئینجا تێدەگات کە ستەم پێناسەی قەومیی بە بەری تەسکە و، هەشە – بەئاگا یان بێئاگا – هەر پێ لەسەر هەوییەی قەومیی ستەم دادەگرێت و لەپێناوی نەتەوەدا لەبەرەی شۆڕشگێڕە ناشیونالستەکاندا درێژە بە تێپەڕاندنی یارییەکەیان دەدات. ئەمەی دووەمیانە چەنان ساڵە لە کوردستانی عێراقدا دەگوزرێ و هەر لەم چوارچێوەیەشدایە کە دەسەڵات و، ئینجا بەدوای ئەوانیشدا زۆربەی ڕۆشنبیران، بەردەوام سەرنجەکان دەبەنەوە سەر دوژمنە دەرەکییەکان و کورتهێنانەکانی دەسەڵاتی خۆیی بە هەبوونی دوژمنی دەرەکیی تیۆریزە بۆ دەکەن. ئەو پێشنیارنامەیەی ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرەش بەلای منەوە هەمانشت، ئەوەندەی لە سێبەری هەبوونی دوژمن و ناحەزی دەرەکییدا بۆ کورد و زمانەکەی پاکانە بۆ مەعقولییەتی خۆی دەکات، ئەوەندە بیر لەوە ناکاتەوە کە ئایا پێشنیارێکی وا تەقاویتکردنی شێوەزارێک و داخستنی دەرگای کۆمەڵگا نییە بەڕووی قسەپێکەرانیدا.

## ئەنجامە چاوەڕوانکراوەکان لەسەر ئەرزی واقیع

یەکێک لەو مافانەی کە لە چوارچێوەی ئیشکالییەتی لەم جۆرەدا لێرە و لەوێ بەردەوام دێتە بەر باس مافی خوێندنە بە زمانی دایک. هەر ئەم مافە لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانیشدا بۆ مافەکانی منداڵان جێگیر کراوە. گەر مافێکی وا لە حاڵەتی پرسیاری خوێندن بە شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست یان ژووروودا بێتە پێشەوە، زۆر مومکینە کەسێک یەکسەر بەوە دژەئارگیومێنت بکات کە ئاخر ئەو مافە باسی مافی خوێندن بە *زمانی* دایک دەکات نەک بە *شێوەزاری* دایک. من پێموایە ئارگیومێنتێکی وا دیسانەوە ئارگیومێنتێکە کە لە ڕوانگەیەکی نەتەوەگەرییانەوە [ nationalistic oriented] دەڕوانێتە کێشەکە نەک لە ڕوانگەیەکی مافدۆستانەوە [rights oriented]. بەمانایەکی تر، ئەو ئارگیومێنتە پێیوایە مافی خوێندن بە زمانی دایک هەر لەو پێناوەدایە کە بە زمانی نەتەوەیی خۆت بخوێنیت و ئیتر ئامانجی تر لە پشتەوەی نابینێت. ئەو لەوە ناکۆڵێتەوە کە ئاخر ئەو مافە بۆچی مافە و لەپێناوی چیدایە وەک ماف ڕاگەیەنراوە. ئەو دەیەوێت هەر وەک فەریزەیەکی ئیجباریی ئەو مافە ئەدا بکات کە لەوێدا داوای دەکرێت، نەک لەپێناوی ئەو ئامانجانەی کە ئەوەی خواستووە لەپێناویاندا لە پەیماننامەیەکی نێودەوڵەتییدا جەخت لەسەر ئەو مافە بکرێتەوە. ئەو قسەیەکی بۆ ئەوە نییە کە ئاخر گەر بۆ نموونە شێوەزاری خوێندنی قوتابخانە هێند جیاواز بوو لە شێوەزاری ماڵەوەی قوتابییەک کە ببێتە هۆی ئەوەی ئەو قوتابییە بەئەندازەی قوتابییەکی هاونەتەوەی خۆی کە هەمان شێوەزاری قوتابخانەی لە ماڵەوە

هەیە، سوود لە وانەکان نەبینێت، لە حاڵەتێکی وادا چارە چییە.

لێرەدا وەختێتی بڵێم کە ڕێک بۆ چاری حاڵەتگەلی لەم جۆرەیە کە مافی خوێندن بە زمانی دایک وەک مافێکی بێئەملاوئەولا ڕاگەیەنراوە. 'ڕەخساندنی دەرفەتی یەکسان بۆ خۆپێگەیاندن' بۆ هاوڵاتییان پرەنسیپێکی جەوهەریی دادپەروەریی کۆمەڵایەتییە کە لادان لێی بە هەر بیانوویەکەوە بێت زەمینەسازییەک دەبێت بۆ خزینەناوەوەی نادادپەروەریی و ستەمکاریی بۆ ناو کۆمەڵگا.

خۆ وەنەبێ بەفەرمیناسینی تەنها کرمانجیی ناوەڕاست وەک زمانی ستاندارد هەر ئەوە بکات کە قوتابیانی دەڤەری بادینان لە مافی خوێندن بە زمانی/شێوەزاری دایک و ئینجاش لە دەرفەتی یەکسان بۆ خۆپێگەیاندن مەحروم بکات. بەرتەسکیی یان بەرینیی کاریگەرییە نەخوازراوەکان لەسەر ئەوە کەوتووە کە ئایا مەبەست لە "بەفەرمیناسینی کرمانجیی ناوەڕاست وەک زمانی ستاندارد" چییە و کارێکی وا داوادەکرێت بۆ چی بوارێک و چی بوارێکی ژیانی هاوڵاتییان مانای هەبێت. لێرەدا ئەوە بڵێم کە لەو داخوازییینامەیەی ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرەدا دیار نییە ئەو پێشنیارەی ئەوان دەیکەن بە کۆنکرێتیی چییە و ئەو بەستانداردکردنەی ئەوان داوای دەکەن چی مەودایەک دەگرێتەوە. کەسێک دەتوانێت وای لێ تێبگات کە هەر تەنها داوایەکە بۆ ئەوەی دەسەڵات زمانی کرمانجیی ناوەڕاست بەفەرمیی وەک زمانی فەرمیی هەرێم ڕەسمییەت پێ بدات و هەبوونی ستانداردێک یان "بەردی بناغەی زمانێکی ستاندارد" بۆ زمانی کوردیی ڕابگەیەنێت. دەشکرێت داواکە ئەوە بێت کە بەفەرمیی ئەو شێوەزارە بکرێتە زمانی یان "بەردی بناغەی زمانی" خوێندن و زمانی کاروباری گارگێڕیی دەوڵەتیی. دیارە لێرەشدا ئەوە دیار نییە کە ئایا داوا دەکرێت هەر زمانی کتێبەکان بێت یان وانەوتنەوەش. هەمانشت، بەحوکمی ئەوەی باسی ئەوە دەکرێت کە "زەمینە خۆش بکرێت بۆ ئەوەی شێوەزارەکان لەیەکتریی نزیک بکرێنەوە و موتوربە بکرێن لە زمانی فەرمییدا"، دەکرێت کەسێک ئەمە بەوە تێبگات کە تەنانەت داوا دەکرێت زمانی بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندنەکانیش موەححەد بکرێت و هەموو هەر بە یەک شێوەزاری (دەوڵەمەندکراو بە شێوەزارەکانی تر) بنووسرێن و بخوێنرێنەوە. نەک هەر ئەمانە، بەڵکو خەتێکی درشت کە کەسێک ناتوانێت لە پێشنیاری ئەو کۆمەڵە ڕۆشنبیرەدا ببینێت ئەوەیە کە دیار نییە ئایا داوا دەکرێت شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست لەنێو شێوەزارەکانی تردا هەر تەنها وەک ستانداردێک ڕەسمییەتی پێ بدرێت و ئەوانی تریش لەجێی خۆیاندا بمێنن، یان دەخوازرێت زمانی ستاندارد بکرێتە "بەردی بناغە" بۆ زمانێکی یەکگرتوو بۆ هەموو خەڵکەکە و ئیتر هەموو کوردی کوردستانی عێراق هەر ئەو زمانەیان هەبێت. ئاخر پێشتر هەردەم پێشنیارێک هەبووە بۆ "مۆزایککردنەوە" و تێکەڵکردنی شێوەزارەکانی زمانی کوردیی و دروستکردنی یەک زمان لێیان. کاتێکیش ئەو ڕۆشنبیرانە لە پێشنیارنامەکەیاندا پێشنیاری "دامەزراندنی بەشی زانکۆیی و پەیمانگای نیشتیمانیی تایبەت بە لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردیی دەکەن" و ئامانج لەمە وا بەیان دەکەن کە بۆ ئەوەیە کە "شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاستی پێ دەوڵەمەند بکرێت"، بۆی هەیە ئەمانیش مەبەستیان "تاکزمانکردنەوە"یەکی لەو چەشنەی هەموو خەڵکی کورد بێت.

هەرچییەک بێت و هەر کام لەو پلەی گۆڕانانە بێت کە داوا دەکرێت بکرێت، من پێموایە بە ئەندازەی بەرتەسکیی یان بەرینیی ئەو مەودایەی ئەو تاکستاندارکردنە دەیگرێتەوە، کاریگەریی سەلبیی و ئاکامی خەتەرناکی بەرتەسک یان بەرین بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

لێرەدا من وای دادەنێم کە پێشنیارەکە هەر بۆ کردنی کرمانجیی ناوەڕاستە بە زمانی خوێندن و کارگێڕیی دەوڵەتیی و، لە خوارەوە هەوڵئەدەم ئاکامە نەخوازراوەکانی ئەمە لە دوو خاڵی گشتییدا کۆبکەمەوە:

- هەیبەتی شێوەزارێک و هەیبەتی قسەپێکەرانی:

با لەوە گەڕێین کە بۆچی شێوەزارێک هەیبەتێکی کۆمەڵایەتیی زیاتری بەسەر ئەوی تردا هەیە و لە حاڵەتی زمانی کوردییدا پلەی هەیبەتی شێوەزارەکان ئاکامی چییە؛ بەڵام ئیتر ئەوە واقیعەتێکە کە ڕەسمییەتپێدانی شێوەزارێک وەک زمانی یان شیوەزاری ستاندارد و وەک زمانی خوێندن و کارگێڕیی، هەیبەتێک بۆ ئەو شێوەزارە و، لێرەشەوە هەیبەتێک و ئیمتیازێکی کۆمەڵایەتیی گەورە بۆ قسەپێکەرانی ئەو شێوەزارە، بەدوای خۆیدا دێنێت. ئەمە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو واقیعەی کە، هۆکارەکەی هەرچییەک بێت، شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست خۆی بەتەبیعەتی حاڵ، بەبەراورد لەگەڵ کرمانجیی ژوروودا، لە مەوقعییەتێکی تۆکمەتر بەهرەمەندە و ئەمەش ئیمتیازاتێک و ستاتۆسێکی کۆمەڵایەتیی زیاتری بۆ قسەپێکەرانی پچڕیوە، ئەوا بێگومان بەفەرمیناسینی ئەو شێوەزارە وەک زمانی فەرمیی و ستاندارد، "لەشەئنبەرزکردنەوە"یەک و پچڕینی هەیبەتێکی کۆمەڵایەتیی زیاتر دەبێت بۆ ئەو شێوەزارە و قسەپێکەرانی. وە لەبەرامبەریشدا، بەپێچەوانەوە، پەراوێزخستنێکی زیاتر، تا ئاستی بێهەیبەتکردن و بەعەیبوعارکردن بەسەر شێوەزاری بەرامبەردا فەرز دەکات و، ئینتیما بۆ ئەو گروپە و هەبوونی ستاتۆسێکی کۆمەڵایەتیی نزمتر لەوانیتر وەک "لێقەومانێکی زگماک" بەسەر تاک بە تاکی ئەو گروپەدا فەرز دەکات. لێقەومانی گەورەش بۆ هەر خەڵکێک یان نەتەوەیەک بەلای منەوە ئەوەیە کە جیاوازیی ئیعتیبار و مەوقعییەتی کۆمەڵایەتیی بکەوێتە نێوان تاکەکانیەوە، نەک ئەوەی دوژمنی دەرەکیی هەبێت. لێرەوەیە کە من پێموایە ئەو ڕۆشنبیرانە بێئەوەی خۆیان بزانن زەمینە بۆ داخورانێکی ناوەکیی زیاتر و لێکترازانێکی گەورەتر لە کۆمەڵگای کوردستاندا خۆش دەکەن. هەڵەیەکی گەورە کە ئەوان بەسەریدا دەچن ئەوەیە کە پێیانوایە گەر زمانێک هەبوو "لوغەوییەن" لێکتێکەیشتنی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگایەکدا زیاد و ئاسان کرد، ئەوا ئیتر ئەو لێکتێکەیشتنە زمانەوانییە خودبەخود لێکتێکەیشتنی کۆمەڵایەتیی و هاودڵییش لەنێوانیاندا زیاد و ئاسان دەکات. بە مانەیەکی تر، ئەوان پێیانوایە کە هەبوونی "زمانی یەکگرتوو" یەکسانە بە، یان هەر هیچ نا، هەنگاوێکی جەوهەریی و کارایە ڕووەو هەبوونی "میللەتی یەکگرتوو". من پێموایە باوەڕێکی لەم چەشنە خۆی لەسەر هەمان ئەو دیدە ناسیۆناڵستییە دڵپاکانەیەی ئەو بەشە لە ڕۆشنبیرانی کورد بونیاد دەنێت کە بەر لە بەهاری ١٩٩١ بانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە لێگەڕێ ناوچەیەکی کوردزمان بە حوکم و حوکمەتێکی کوردزمانەوە ناوچەیەک دەبێت کە تیایدا ئینسیجامێک و لێکتێگەیشتنێکی کۆمەڵایەتیی وا تۆکمە لەنێوان تاکەکانیدا دروست دەکات کە قەت مومکین نەبێت "بیشکێنێ دانەیی تۆپی زەمان". ئەوەبوو دوای ئەو بەروارە شەڕی ناوخۆیی "برا نەتەوەییەکان" لەپەنادەست و لەبناگوێی ئەم ڕۆشنبیرانەدا تەقییەوە و لێکترازانی خستە ناو تەنانەت خێزانەکانیشەوە، کەچی ئەمە بۆ لەحزەیەکیش لە خەوی نەکردن و، ئەم دیدە بۆ کۆمەڵگا و کۆنفلیکت تا ئێستاش قوڵترین دیدێکە کە ڕۆشنبیرانی ئێمە قوڵیی خوێندنەوە فیکرییەکانی خۆیانی بۆ کۆمەڵگا پێ دەپێون. هیچ کەسێک لەدوای بێدەنگبوونی تۆپەکان نەهات و ڕاستگۆیانە و لە چوارچێوەیەکی بەرفراوانتردا بەدوای وەڵامێکەوە بێت بۆ ئەوەی کە ئاخر ئەو هەموو برا کوردە چەکدارە چۆن و بۆچی وا بەزەمیرێکی مورتاحەوە دەستیان چووە ئەو قەوارە کوردییە و ئاوا دوژمنانە دایانڕوخاند بەسەر یەکدا.

من پێموایە هەستی هاودڵیی و ئینتیما لای هاوڵاتیی بەوە دروست دەبێت/دەکرێت کە مافە مەدەنیی و فەردییەکانی دابین بکرێت، حیسابی هاوڵاتیی یەکسانی بۆ بکرێت و لە هەلودەرفەتی یەکسان بۆ خۆپێگەیاندن بەهرەمەند بکرێت، ئیعتیبار و

کەرامەتی ئینسانیی بۆ ڕابگیرێت، فەزڵی فیئاتی تری نەدرێت بەسەردا و وەک فیئەیەکی کەمبەهاتر [inferior] مامەڵە نەکرێت. ڕەسمییەتپێدانی کرمانجیی ناوەڕاست وەک زمانی ستاندارد و زمانی فەرمیی وڵات هەموو ئەمانە دەکات. هەموو ئەمانەش هەستێک لای هاوڵاتیی دروست دەکات کە وابزانێت حەقی خۆیەتی ئەو کۆمەڵگایە وێران بکات بەسەر یەکدا. لێرەدایە ڕەگی نەهامەتییەکان و، لێکترازانەکان لێرەوە دەست پێ دەکەن. ئەوە حەماقەتێکی ناشیونالستانەیە ئێمە بێین شەڕی ناوخۆ وەک ئاکامی "مانەوەی کولتوری بەعس و بەربەرییەتی ئایدۆلۆژیای عروبە"، یان سەرهەڵدانی هەمەجییەتی تیرۆریزمی ئیسلامیی لە کوردستاندا وەک هاوردەیەکی دوژمنانی دەوروبەر بۆ کوردستان، لێکبدەینەوە. هەموو ئەو دەستوەشاندنانە لە کۆمەڵگا بەلای منەوە هەوڵێکی "تۆڵەی خۆلێکردنەوە"ی ئەو کەسانەیە لە کۆمەڵگایەک کە بێحیسابی کردوون. دیارە دەستوەشاندن لە کۆمەڵگا بەهەر بیانوویەکەوە بێت دەبێت سزای موستەحەقی خۆی هەبێت، بەڵام من لەم سیاقە دادگاییەدا نا، بەڵام لە سیاقی خوێندنەوەمدا بۆ ئەو تاوانانە، هاوشان لەگەڵ کەسی تاوانباردا، ئایدۆلۆژیای کوردایەتییش وەک سەبەبکار ڕاپێچ دەکەمە ناو قەفەسی تاوانبارییەوە.

بەلای منەوە تەحەددی ئەسڵی ئەوەیە ئێمە کۆمەڵگایەک دروست بکەین کە تیایدا کەس پێویستی نەبێت تۆڵەی مەغدوریی بکاتەوە. لە هەر کۆمەڵگایەکدا تا ئەو ڕۆژەی فیئەیەکی کۆمەڵایەتیی یان خەڵکانێک بمێنن کە هەست بە مەغدوریی خۆیان بکەن، ئاشتیی لە ترسی تووڕەییاندا ناوێرێت سەر بەو کۆمەڵگایەدا بکات. ڕەواندنەی هەستکردن بە مەغدورییش بە کۆکردنەوەی فیئاتەکان بەدەوری دەستکەوتی نەتەوەییدا نابێت، بەڵکو بەدەوری پرەنسیپی لەموساوەمەنەهاتووی هاوڵاتیی یەکساندا دەبێت. فەقیرحاڵییە ڕۆشنبیری ئێمە تا ئێستاش نابینێت کە دەستکەوتی نەتەوەیی هەر بودجەیەکی گەورە و نەوتێکی زۆروزەبەندە بوو کە ئێستا ڕۆژانە لەسەر دەستی شۆڕشگێڕە نەتەوەییەکان ئینشیقاقی گەورە و گەورەتر دەخاتە جەستەی کۆمەڵگای کوردییەوە.

**- ماویەتی -**